# عێراقو کوردستان سێ ساڵ دوای شەڕی ئەمەریکاو روخانی صدام

## گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە

## سازدانی: سەعید ئەحمەد

**ئۆکتۆبەر: ساڵانێك لەمەوبەر کەسانێکی زۆر ئامادەبوون دەساڵ لە عومریان کەم بێتەوە بەڵام دە دەقیقە عێراقی بێ صدام ببینن! ئەمرۆ سێ ساڵ بەسەر رووخانی صدام لەلایەن ئەمریکاوە تێپەڕ دەبێت. عێراقی دوای صدام چۆن ئەبینیت؟ چەندە خەونەکانی خەڵکی عێراق هاتۆتە دی؟**

خەسرەوسایە: "عیراق خوێنی لێدەچۆڕێ"..ئەمە ئەو وێنایەیە کەئەمرۆژانە لەزاری دەزگاکانی پنتاگۆنەوە تاخەلیلزاد وتالەبانی وجەعفەری، تا نوینەرانی دەستەوتاقم وئیئتلافاتە "شیعە وسونی"یەکان، دیتەخواری و بەئاشکرا دانی پیدادەنری. ئەمە ئیتر وەلامیکی رۆشنە بۆئەوانەی تائەمرۆ خۆشخەیالبوون بەوەی کە عیراقی سەردەمی "پرۆسەی ئازادبوون" ئەتوانی لەسایەی داگیرکاری ئەمریکادا بەئەنجامیکی دیموکراتی وئازادی بگات. عیراقی دوای صدام وئەورووداوانەی کەلەسێ سالی رابردوودا هاتونەتەپیشەوە بەلگەن بۆئەوەی کە خەلکی عیراق نەك هەرلەئاوات وئارەزووەکانی خۆیان نزیك نەبوونەتەوە بەلکو ژیان وموقەدەراتی ئەوان راپیچی "شەری هەموو لەدژی هەمووان" کراوە، شەریك کەسات لەدوای سات ورۆژ لەدوای رۆژ لاشەی دەیان کەس بەلەت وپەتکراوی وەیا بەسەرپەرینراوی وچاودەرهاتنەوە، فری دەداتە نیو شەقامەکانی شارەوە، شەریك کە تایەفەو قەوم ومەزهەبەکان ریگانادات بەهیچ کەسیك، تەنانەت بەهەرجۆرە هەویەتیکی درۆزنانەشەوە خۆی بناسینێ، لەقوربانی وتاوانەکانی دەرچیت. وەزعیەتیکی ئاواش هەموو نمایشەکانی دەنگدان بەدەستور وهەلبژاردنی نوینەرانی "پیکهاتەکانی کۆمەلگای عیراق" ودیموکراتیزەبوونی عیراقی دوای صدام بەسیناریۆیەکی پوچ دەسەلمینی.

ئەمرۆ خەلکی عیراق کاتیك رووداوو کارەساتەکانی سێ سالی رابردوویان بەراورد دەکەن لەگەل رۆژگاریکدا کەتەنها صدام حسین ورژیمەکەی تاقە دوژمن بوو، بەو راستیە دەگەن کە نەك هەر لەئاوات وئارەزووەکانیان نزیك نەبوونەتەوە، بەلکو چەند دوژمنیکی ئینسان کوژ ژیانی ئەوانی لەنیو خوین و تونیلیك لەتاریکستان وبیدەرەتانیدا راگرتووە.

بیگومان تاوانکاری و درندەیی رژیمی صدام بۆکەس شاراوە نەبوو هاوکات رزگاربوون لەم رژیمە ئاواتیکی بنەرەتی هەموو خەلکی عیراق بوو، بەلام بریارنەبوو رزگاربوون لەدەست ئەم رژیمە هارو نەگریسە، بەقیمەتی سەرەوژیرکردنی تەواوی کۆمەلگاو داسەپاندنی جەنگ وکوشتاریك بەری بخرێ، کەمانەوە لەژیان وبەدەستهینانی ئەمنیەتی گیانی ومالی ملیۆنەها ئینسان بکاتە خەون وخەیالیك. خەلکی عیراق بریاریان ئەوە نەبوو کەرزگاربوون لەفاشیزمی عەرەبی وسەرکوت وزیندان وبیمافی وئیستبدادی بەعس، ریگایەك بیت بۆ تەسلیم کردنی ژیانیان بەفاشیزمی ئیسلامی و شەرو پیکدادانی دەستەو تاقمیکی قەومی وئاینی کە بەقەمەو تیرۆرو "فیرقەکانی مەوت"یانەوە رۆژانە خەریکی کوشتارو سرینەوەی هەویەتی ئینسانی وکۆمەلایەتی یەك کۆمەلگان. بەپیچەوانەوە بریاربوو رزگاربوون لەدەست صدام و رژیمەکەی هەنگاویك بیت بۆ دامەزراندنی کۆمەلگاو نیزامیکی سیاسی کەتیایدا ئازادی ویەکسانی وخۆشگوزەرانی وکۆتایی هینان بەهەر جۆرەستەم وسەرکوت گەریەك بۆ هەمووان بەدیبهینی..

بەلام نابی ئەوەمان لەبیر بچیت، هۆکاریك کەلەم رەوەندەی ئالۆگۆرەکاندا دەوریان گیرا بەئاراستەی ئەوەی کەخەلکی عیراق بەوەهمی رزگاربوون لەصدامەوە بکەنە پاشکوی سیاسەتەکانی ئەمریکا، رۆلی کۆنەپەرستانەی ئۆپۆزسیۆنیکی ئیسلامی قەومی بوو کە بەشیعاری "ئەمریکا فریشتەی نەجاتی خەلکە" هاتەمەیدانەوە. ئەمانە کە بەمەنتقی "لەچاوی مشکەوە هیچ ئاژەلیك هیندەی پشیلە درندە نیە" کەوتنە پروپاگەندەکردن بۆئەمریکاو جەنگەکەی، تا خەلکی داهاتووی خویان نەبینن وتەنانەت ئەو راستیانە فەرامۆشبکەن کەلەمیژووی داگیرکاری وجەنگ خوازی ئەمریکادا تۆمارکراوە. ئەگەر بەکورتی بلیم عیراقی دوای صدام، وجەنگیك کەلەعیراقدا هاتەکایەوە، دەرگای جەبهەیەکی تر لەشەری دوقوتبی تیرۆریستی خستۆتە سەر پشت کەلەسەریکیدا ئەمریکاو دەستوپیوەندەکانی راوەستاوە ولەسەریکی تریشدا ئیسلامی سیاسی ودەستەوتاقمەکانی. شەریك کەنەك هەرسیناریۆیەکی رەشو بیدەرەتانی کردۆتە نسیبی خەلکی عیراق بەلکو جیهانو ناوچەکەی بردۆتەنیو میژوویەکی خویناویەوە.

**ئۆکتۆبەر: یەکێك لە بۆچوونە باوەکان لە کوردستان ئەوەیە کە دەڵێت: ئەمەریکا هیچ تاوانی لە خوڵقاندنی ئەم وەزعەی ئەمڕۆی عێراقدا نییە.. تەنها گوناهی ئەمەریکا ئەوەیە کە رژێمێکی درِندەو سەرکوتگەری وەك رژێمی صدامی روخاندوە، مەگەر ئەمە تاوانە؟ ئەمەریکا چی بکات کە خەڵکی عێراق لە ئەنجامی کارکردی تیرۆریزمی قاعیدەو زەرقاویی‌و پاشماوەکانی بەعسەوە ئاوایان بەسەر هاتووە؟ ئایا ئەکرێ تەسلیمی خواستی ئەوان بێت‌و وەزعەکە بداتە دەستی ئەوان؟ بەکورتی ئەمەریکا بێبەری ئەکات لەم وەزعەو خەتاکەی ئەداتە پاڵ ئیسلامی سیاسی. رای تۆ لەسەر ئەم بۆچوونە چییە؟**

خەسرەو سایە: ئەم دەربرینانە پروپاگەندەی پەردەی دووەمی هەرئەو سیناریۆ رەشەیە کەئەمریکا لەعیراقدا بەریوەی بردووە ولەدەزگای راگەیاندنەکانی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردەوە بۆتەبریرکردنی شکست وناکامیەکانی ئەمریکاو گیژاویك کەجەنگ وداگیرکاری بەدوای خۆیدا هیناویەتی بلاودەکریتەوە.. ناسیونالیزمی کورد وحیزبەکانی تالەبانی وبەرزانی کە هەر لەسەرەتاوە بەدوور لەهەر پرەنسیپیکی ئینسانی وبەپیچەوانەی هەلویستی خەلکی ئازادیخوازی دنیاوە، تەئیدکردنی سیاسەتی جەنگ وکاولکاری وقەتلوعامکردنی ژن ومنال وخەلکی بیتاوانی شارەکانی عیراقیان کردە بەهایەك بۆگەیشتن بەئامانجەکانیان. کەدیارە بۆئەمەش خەرواریك لەپروپاگەندەی درۆیان لەچەشنی ئەوەی کە "گوللە تۆپەکانی ئەمریکا ئاشتی وسەفاو دیموکراتی بۆعیراقیەکان دینی"، "ئەمریکا صدام دەروخینی وخەلکی بەماف

وئازادییەکانیان دەگەن" بلاوکردەوە. ئێستاش ئەوە هەرئەم حیزبانەن کەپاساو بۆ هەمووئەوتاوانکارییانە دینەوە کە لە سیاسەتەکانی ئەمریکاو جەنگ وداگیرکاریەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەمانە نەك هەردەیانەویت بەرائەتی ئەمریکاو تاوانەکانی لەدژی خەلکی عیراق تەبریربکەن، بەلکو بەم قسانەیان خەریکن خەلکی کوردستان لەراستی رووداوەکانی سەردەمی خۆیان چاوبەستدەکەن وبەهەمان دەورەی پیشوو بەوەهم و نەزانینەوە رایان دەگرن. ئەگینا لەکوێی دنیادا "جەنگ خوازان وداگیرکەران" ژیانی خەلکیان باشترکردووەو لەرزگاری و ئاسوودەیی نزیکیان خستوونەتەوە!. لەکوێ بینراوە کەهیزیکی عەسکەری داگیرکەر بەملهوری خۆی کۆمەلگایەك کاول بکاو کوشتاریك بەری بخات ودواتریش چاوەڕیی ئەوەی لیبکری کە بۆ ئازادی وئاوەدانکردنەوە هاتووە!!.

ئەو بۆچوونەشی کەئەمریکا لەخولقاندنی بارودۆخەکانی ئیستا دەردەکیشی وتەنها ئیسلامی سیاسی بەخەتاباری یەکەم دەداتە قەلەم، هەولیکی ترە نەك هەر بۆ پاکیزەیی نیشاندانی رووخساری دڕندانەی ئەمریکاو تاوانەکانی، بەلکو ئاوەژووکردنەوەی هەمووئەو راستیانەیە کەئەمرۆ لەعیراقدا روودەدەن. بەراستی کەس هەیە ئەوە نەبینی کە چالاکبوونەوەی دەستەو تاقمی ئینسان کوژو تیرۆریستی ئیسلامی لەعیراقدا بەدوای داگیرکاری و جەنگی ئەمریکادا سەری هەلداوە وپەرەی گرتووە!. ئایا ئەوە هەر ئەمریکا نەبوو کە لەسەرەتاوە دەستی دەستەو تاقمی ئیسلامییەوە و بەناوی "ئۆپۆزسیۆنەوە" زۆرترین ئیمکانات وئیختیاراتی پیدان؟ تەنانەت ئەوە هەرئەمریکا نەبوو کە بە بۆچوونی "پیکهاتە ئاینی وقەومییەکانەوە" هەویەتی یەکپارچەی ئینسانی وکۆمەلایەتی، کۆمەلگای عیراقی لەنیوان سوونەو شیعەو تایەفەکاندا دابەشکردو ریگای کردەوە بۆئەوەی کە هاوولاتیانی عیراقی بەهەویەتی دروزنانەی "شیعەو سوونەو کوردو عەرەب و تورکمان ومەسیحی"یەوە بچنە ژیربالی دەستەوتاقمە ئیسلامی وقەومییەکانەوە؟ ئایا ئەوە هەر ئەمریکا نەبوو کە ئیسلامییەکانی گەیاندە نیو مەجلسی حوکم وفرسەتی پیدان کەدەست بەسەر ئیمکاناتی دەولەتدا بگرن وئیدارەی شارو بەریوەبەرایەتییەکانیان پیبدری؟ ئایا ئەوە ئەمریکا نەبوو کەشەریعەتی ئیسلامی وەك سەرچاوەیەك لەدەستووری عیراقدا بۆدانانی یاسا وبریارەکانی دەولەتی داهاتوو جیگیرکرد؟.. لەراستیدا ئەوەی ئەمرۆ بەناوی زەرقاوی ومقاوەمەت وشتی لەمجۆرەوە ماشینی تیرۆریزمیان لەکۆمەلگای عیراقدا بەری خستووە، و سیاسەتەکانی ئەمریکایان خستۆتەبەردەم مەترسی شکستەوە، هەرئەو پیکهاتانەن کەدروستکراو وبەرهەمی سیاسەتی خودی ئەمریکان. ئەوانەن کەدوینی دۆستی ئەمریکابوون وئەمرۆ کەوتونەتە بەرامبەر خۆیەوە. ئیستاش مانەوەی ئەمریکاو داگیرکارییەکەی لەعیراقدا تەنها سەرچاوەی پەرەسەندنی ئیسلامیسیاسی وکارنامە رەشەکەیەتی.

**ئۆکتۆبەر: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق سێ ساڵ لەمەوبەرو لەکاتی زەمینە سازیی ئەمەریکا بۆ شەڕ، رەنگە بڵێین تاکە هێز بوو کە ئەم سیاسەتە شەڕخوازانەیەی ئەمەریکا و دواتریش شەڕەکەی مەحکومکرد. زۆر لایەن ئەم هەڵوێستەی حزبیان بە بەرگرتن لە روخانی صدام لێکدایەوە. ئایا ئەمڕۆ سێ ساڵ دوای ئەم شەڕە، ئەم هەڵویستەی حزب لەدژی شەڕ چۆن ئەبینی؟ ئایا حزب پێشبینی ئەم وەزعە ناهەموارەی ئەمڕۆی عێراقی کردبوو کە ئاوا لەدژی شەڕ راوەستا؟**

خەسرەو سایە: سێ سال بەرلەئیستا ولەکاتیکدا کەتەواوی رەوت ولایەنەکانی نیو ئۆپۆزسیۆنی عیراقی، حیزبە ناسیونالیستەکانی کورد، حیزبی شیوعی عیراقی، تا رەوتە ئیسلامییەکان ودیموکراتخوازەکان، تاچەلەبی وعەللاوی وپاچەچی وپاوەر وئەوانەشی کەراستەوخۆ دروستکراوی دەستی ئەمریکابوون، "رووخانی صدام" بوو چەتریك بۆ کۆبوونەوە بەدەوری سیاسەتی گەمارۆی ئابووری وشەرخوازی ئەمریکا، حیزبی ئیمە تەنها دەنگیکی ئازادیخواز وئینسانی بوو کەلەپال بەرەی ملیۆنی جیهانیدا، بەدژی شەر راوەستا ورایگەیاند کەئەمریکا صدام ورژیمەکەی کردۆتە بەهانەیەك بۆ بردنەپیشەوەی سیاسەتیکی کۆنەپەرستانەو ملهورانەی خۆی بەدژی کۆمەلگای بەشەری. ئەوکات ئیمە ووتمان کە سیاسەتی جەنگخوازی ئەمریکا بۆ دیموکراتیکردنی عیراق ونەمانی ئیستبداد نییە.. وتمان نە گیرانەوەی ماف وئازادییەکانی خەلکی عیراق ونەرزگارکردنی "کوردەکان" لەستەمی نەتەوایەتی، تەنانەت نە لەناوبردنی چەکی کۆکوژی ئیدعای لەم جۆرە هیچیان ئامانجیك نین کەئەمریکا بەدواوەیەتی، بەلکو جەنگ و سیاسەتی شەرخوازی ئەمریکا رووی لەبردنە پیشەوەی ئیستراتیژی نەزمی نویی جیهانیە، کەبەهۆیەوە بالادەستی ئەمریکا بەسەر دنیادا دادەسەپینی و دنیا راپیچی عەسکەرتاریەت و ملهوری سەربازی وپەلاماردانی جەنگی دەکات. لەعیراقیش ئەم جەنگە نەك خەلکی عیراق لەئاوات وئارەزووەکانی خۆیان نزیك ناکاتەوە، بەلکو ئیرادەیان لیدەبرێ وژیانیان لەزەلکاویکەوە بۆ زەلکاویکی کوشندەتر دەگویزیتەوە.. ئەوکات ئیمە ووتمان جەنگ وکاولکاری ولیکترازانی شیرازەی کۆمەلگا ریگایەك نییە بۆ دەربازبوون لەبەلاو موسیبەتەکانی رژیمی بەعس، کاریکی ئاوا نەك بەقازانجی خەلکی عیراق نییە بەلکو خەبات وتیکۆشانی ئەوان بۆ دەیان سال دەباتە دواوە. ئیمە ئەوکات پیشبینی رووداوەکان وکارەساتەکانی ئەم بارودۆخە وئاکامەکانی جەنگمان کردبوو، هەربۆیە لەبەیاننامەو بەلگەنامەکانماندا خەلکمان لەئەنجامەکانی ئاگادار کردەوە، چونکە ئیمە رووداوەکانی رەوەنداوشەری یۆگوسلافیاو تەنانەت شەری یەکەمی کەنداومان لەبەرچاوبوو کەچ بەلایەکیان بەسەر خەلکیدا هینا..

ئیستاش $3$سال بەدوای جەنگ ورووداوەکانی دواتردا، دەبینین راستی لیکدانەوە وهەلویستەکانی ئیمە خۆی سەلماندووە. ئیستا دەبینین ئەوانەی دوینێ ئیمەیان بەلایەنگر لەرژیمی صدام تۆمەتباردەکرد، چۆن بەربوونەتە گیانی خەلك ووەك شەریکەبەشی ئەمریکا دەستیان تیکەلکردووە لەکاولکردن وکوشتارو پاشەوپاشگەرانەوەی ژیانی خەلکدا. ئیستا دەبینین نەك هەر کارەساتەکانی زیندانی ئەبوغریب وپەلامارە عەسکەرییەکان بۆسەر خەلکی مەدەنی، باسی ئازادی ومافی ئینسانی عیراقی پووچەل دەکاتەوە، بەلکو ئەوە نان وئەمنیەتی رۆژانەی خەلکی عیراقە کەوتۆتە نیو ئاگرەوە. شەری ناوخۆ وکوشتاری یەکتر، تا تالانیکردن و فەسادو گەندەلی ودەخالەتی دەولەتانی ناوچەکە ولەتوپەتکردنی کۆمەلگای عیراق لەنیو تایەفەو قەوم وقەبیلەو شوعبە ئاینییەکاندا، تا سەرهەلدان وپەرەگرتنی تیرۆرو ئینسان کوژی وسەربرین ودریژبوونی دەستی فاشیزمی ئیسلامی بەسەر ژیانی خەلکدا، تاکار بەوەگەیشتووە کە ئەمریکا خۆی چەکی فسفۆری لەدژی خەلکی عیراق بەکار بهینی.. ئایا هەموو ئەمانەو دەیان حالەتیتر بەلگەنین بۆ راست دەرهاتنی لیکدانەوەکانی ئیمە؟ ئایا ئەو رووداوانەی کەئەمرۆژانە روودەدەن وئاکامە ناهەموارەکانی دیتە سەر

شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە بەس نیە بۆئەوەی قەناعەت بکەین کەخەلکی عیراق زەرەرمەندی سەرەکی بوون لە سیاسەت وجەنگیك کە ئەمریکا بەناوی "پرۆسەی رزگارکردنی عیراق"ەوە بەریوەی بردووە؟

بەبروای من رووداوەکانی 3 سالی رابردوو نەك هەر حەقیقەتی سیاسەت ولیکدانەوە وهەلویستەکانی ئیمەی سەلماندووە، بەلکو ئەو راستیەیەشی نیشانی جیهان داوە کە کۆمەلگای عیراق پیکهاتووی تابلۆیەکی رەش نیە لەهیزە کۆنەپەرست وتیرۆریست ولایەنگرانیك بەئەمریکا وسیاسەتەکانی، بەلکو هیزی ئینسانی وئازادیخوازی بوونی هەیە.

**ئۆکتۆبەر: رەوشی کوردستان، سێ ساڵ دوای روخانی بەعس چۆن ئەبینیت؟ هەندێك لە ناوەندە ناسیۆنالیستیە عەرەبیەکان دەڵێن "کوردەکان" تەنها بەشی سوودمەندی خەڵکی عێراقن لەدوای روخانی صدام. دەڵێن "کوردەکان" جگە لە فیدراڵیو دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان بەشێکی گەورەی دەسەڵاتی بەغداشیان بەدەستهێناوە. ناسیۆنالیستە کوردەکانی سەر بەدەسەڵاتی کوردیش ئەم دەسکەوتانە ئەگەڕێننەوە بۆ یاریزانییو"حەکیمیی سەرکردایەتی سیاسی کورد". رای ئێوە لەمبارەیەوە چیە؟**

خەسرەو سایە: ئەگەر رەوشی کوردستان دوای رووداوەکانی3سالی رابردوو بەکورتی سەرنج بدەین، بەو واقعیەتە دەگەین کەئەوە ئەحزابی ناسیونالیستی کوردە خەلکی کوردستانیان لەنیو فەسادو گەندەلی ئیداری و لەژیر سایەی دەسەلاتیکی سەرکوتگەرانەی خۆیاندا راگرتووە وخەلکیان لە"چاوەڕوانی گۆدۆ"دا بەدیار شکست وناکامیە سیاسیەکانی ئەمریکاوە لەعیراقدا راگرتووە ودریژە بەیارییەك دەدەن کەپەیمانبەستن وریکەوتن لەگەل ئەم یان ئەو جەبهەی سوننی وشیعەو کۆنەبەعسیدا بۆتە دوایین کارتی هیشتنەوەی تالەبانی لەپۆستی سەرۆك کۆماریدا..ئەمە ئیتر زەبوونی و بیدەرەتانیەکە کەداهاتووی خەلکی کوردستانی پیوە گری دراوەتەوە.

بەلام بەپیچەوانەی بۆچوونی ناسیونالیستە عەرەبەکانەوە، ئەوە "کوردەکان" نین کەلە رووداوەکانی سێ سالی رابردوودی دوای رووخانی رژیمی بەعسدا سوودمەندبوون. هەروەها هیچ "حەکیمایەتیەك لەسیاسەتی سەرکردایەتی کورد"دا نیە کەچارەنوسی خەلکی کوردستان بەم رۆژە گەیشتووە، بگرە رووداوەکان بیلیاقەتی و مایەپووچ دەرهاتنی رۆژ لەدوای رۆژی سیاسەتیك دەسەلمینی کەلەلایەن سەرانی ئەحزابی ناسیونالیزمی کوردەوە لەبەرامبەر رەوشی کوردستاندا گیراوە تەبەر.

بەلێ ئەوە راستە کە" کوردەکان" لەدوای رووخانی رژیمەوە چەند پۆستی سەرۆك کۆمارو وەزارەتیان لەبەناو حکومەتی عیراقدا بەدەست هیناوە، تەنانەت باسیش هەیە لە جیگیربوونی فیدرالیزم لەدەستووری هەمیشەیدا، بەلام ئەمانە جگەلەوەی کەوەلامیك نین بەچارەنوسی خەلکی کوردستان وکیشەکەیان، هاوکات هیچ قازانجیکیشیان بۆبەدی ناهینێ. ئەگەریش سوودیك لەم نیوەدا هەبی هەر ئەو ئیمتیازات وەرگرتنەیە کەدەکەویتە دەستی تالەبانی وبارزانی وسەرانی تری حیزبەکانی ناسیونالیستی کوردەوە. لەمبارەوە ئەوە ناسیونالیستە عەرەبەکانن کەنایانەویت بەرژەوەندی خەلکی کوردستان وسەرانی ئەم حیزبانە لیك جیابکەنەوە وخەریکن هەمووان بەناوی "کوردەوە" کۆبکەنەوە. بەلام ئەوە خەلکی کوردستانە کەلەچەند رووەوە لەرووداوەکانی دوای رووخانی رژیمی بەعسدا زەرەرمەندبوون:

یەکەمیان، ئەوەی کەهیشتا سەرگەردانی ونادیارمانەوەی داهاتووی کوردستان هەر لەشوینی خویداماوەتەوە، باسی فیدرالیزم وهاوبەشیتی لەدەولەتی مەرکەزی عیراقدا بەوشیوەیەی بۆتە سیاسەتی ناسیونالیزمی کورد، کوردستان لەسەروو ئیرادەی خەلکەکەیەوە جاریکیتر پەلکیش دەکریتەوە بۆ ژیر سایەی دەولەت و نیزامیك کەبەپێی ناسنامەی قەومی وئاینی پیناسەکراوەتەوە، ئەمەش بەمانای راپیچدانەوەی ژیانی خەلکی کوردستانە بۆ هەمان ستەمگەری وسەرکوتی نەتەوایەتی کەلەرابردوودا تاوانی گەورەی بەرهەم هیناوە. دووەمشیان، خودی ئەم پیکەوە لکاندنەوەیە راستەوخۆ ماف وئازادییە فەردیو مەدەنیەکانی خەلك دەباتەوە ژیر سایەی دەسەلاتی ئیسلامی وشەریعەتەکەیەوە. . بەجۆرەش ئەوە خەلکی کوردستانە کەلەئازادی و مافی بریاردانی خۆیان بیبەشدەکرین وداهاتووەکەیان دەخریتە ژیر سیبەری شمشیری ئیسلام ونەتەوەپەرستی ورەحمەتی شەرو دەعوای نیوانیانەوە. لەم نیوەدا ئەگەر "حەکیمایەتیەکیش لەسیاسەتی سەرکردایەتی کورد" دا بمینیتەوە، شتیکی زیاتر نابیت لەوەرگرتنی ئیمتیازاتیك لەئەمریکاو دەولەتی مەرکەزی عیراق، لەسەر حسابی بردنە دواوەی خواستی سەربەخۆیی وپیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆی سکولاری نەقەومی ونەئاینی بۆخەلکی کوردستان، تاچەند سالی تر.

بەلام بەجیا لەهەموو ئەمانە دیویکی تری رەوشی ئیستای کوردستان، سەرهەلدانی، ئەو راستیەیە کەخەلکی کوردستان کەوتونەتە بەرامبەر دەسەلاتە گەندەلو سەرو خەلکیەکانی کوردستانەوە و رۆژ لەدوای رۆژ فاسیلەی لیدەگرن و بەروویدا هەدەپرژینەوە. رووداوەکانی شاری رانیەو ئاکری وکەلار وهەلەبجەو خوپیشادانەکانی لاوان وخویندکاران وخەلکی هەژاری کوردستان بەلگەن بۆئەوەی سیاسەت و رەوشتیك کە لەلایەن ناسیونالیزمی کورد وحیزبەکانیەوە بەریوەدەبرێ، بەتەواوی ناکۆك و پیچەوانەیە لەگەل ژیان وداهاتووی خەلکی کوردستاندا. ئەمە ئەوخالەیە کەدەرگای داهاتوویەکی تری بۆ خەلکی خستۆتە سەرپشت.

**ئۆکتۆبەر: بەڵام سەرباری هەر ناخۆشییەکی ئەمڕۆ، ئەگەر ژیانو گوزەرانی خەڵکی کوردستان لەمڕۆدا لەگەڵ 4-5 ساڵ بەرلەئێستا بەراورد بکەیت (واتە پێش روخانی صدام) باشبوونێکی نیسبیی بەرچاو دەبینیت. ئەمڕۆ ئاستی داهاتی خەڵك لەچاو جاران زۆر چووەتە سەرەوە، بێکاریی ئەگەر نەڵێین بەیەکجاری نەماوە، ئەوا ئەتوانین بڵێین لەرادەیەکی زۆر کەمدایە.. تەنانەت بەهۆی بەرزیی ئاستی کرێو زۆریی کارەوە هێزی کار لە خوارووو ناوەڕاستی عێراقو تەنانەت وڵاتانی دراوسێوە روو لە کوردستان ئەکەن. پێبەپێی ئەم باشبوونە نیسبیە ئاستی تەوەقوعی خەڵکیش چووەتە سەرەوە، نارەزایەتیو خەبات لەدژی گەندەڵیو بۆ وەدەستهێنانی خزمەتگوزارییە گشتیەکانو بردنەسەری ئاستی خۆشگوزەرانی خەڵك سیمایەکی بەرچاوی وەزعی ئەمڕۆی کوردستانە. لەمبارەیەوە ئەڵێی چی؟**

خەسرەو سایە: بەڵێ راستە کەلەم سالانەی دواییدا بەرادەیەك ژیانی خەلکی کوردستان باشتر بوە و دەرامەتی خەلکی چۆتە سەرەوە، بەلام ئەم حالەتە جگەلەوەی ناتوانی تاسەر بمینیتەوە، تانەت جگەلەوەی کە ئەم باشبوونەوەی وەزعەیەتی ژیانی خەلکی چەندە هاوتایە لەگەل گرانی وچوونەسەری پیداویستیەکانی ژیانی رۆژانەی خەلك وقەیرانی سەکەن، لەنیو خۆیدا یەك واقعیەتی حەشارداوە، ئەویش ئەوەیە کەهاوتای ئەم باشبوونەی ژیانی خەلك، گۆڕانی بەرپرسیارانی حیزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستانە بۆ چینیکی مشەخور و گەندەل ودەولەمەند کەگیرفان پرکردن وکەڵەکەی سەرمایەیان دیاردەیەکی یەکجار خەیالی وبێسنورە. ئەمانە کەدوینی لەشاخەوە بەدەستی بەتالەوە گەرانەوە بۆنیوشارەکان وبەزەبری چەك ومەرحەمەتی سیاسەتەکانی ئەمریکا قۆرغکردنی ژیانی خەلکیان کەوتەدەست، ئیستا بوونەتە خاوەنی هەموو سەروەت وسامانی کۆمەلگا و هەرکامیکیان بگری ژیانیکی فرعەونی بۆخۆی پیکهیناوە.. کۆشك‌و تەلاری بەرزو رازاوە، پارەو پول وسەرمایەی زۆروزەبەند، پاوانکردنی زەوی و هەموو ئیمکاناتیکی کۆمەلگا، تادەگات بەلیدانی سەدان کۆمپانیای بازرگانی و دەلالی، ..تاقمیکی مشەخۆری وای هیناوەتە کایەوە کەفاسیلەیەکی گەورەیان لەگەل ژیانی زۆربەی زۆری خەلکدا گرتووە. نەك تەنها خەلکانی هەژار بەلکو هەر کریکار وکارمەندێك کەدەرامەتی لەسەرەوەیە، کاتیك ئاستی دەرامەت وژیانی خۆی لەگەل ئەم تاقمە مشەخۆرە بەراورد دەکات، کاتیك کەخانوی دووژووریی خۆی بەکوشك وسەیارە وئیمکاناتی زۆری بەرپرسیاران بەراورد دەکات لەگەل نامۆبونیکی کۆمەلایەتی وروحی گەورە بەرەورووده‌بێتەوە. نامۆبوونیك کەحەقیقەتی ناعادیلانەی دابەشبوونی سەروەت و سامانی کۆمەلایەتیە لەنیوان تاقمیك کەبەناوی کوردایەتیەوە کۆنترۆلی هەموو شتیکیان لەدەستدایە لەگەل زۆرینەیەکدا لەخەلك کە رەنج ومەینەتیەکانی ژیانی کۆمەلگایان کەوتۆتە سەرشان..ئەمە ئەو واقعیەتەیە کەخەلکی کوردستانی خستۆتە بەرامبەر دەسەلاتەکانی ناسیونالیزمی کوردەوە. باسی گەندەلی ئیداری و بزوتنەوەی داخوازیەکانی خەلك بۆ باشکردنی ژیانی خەلك و هینانی خزمەتگوزاری زۆرتر ریشەیان لەم واقعیەتە کۆمەلایەتیەدایە. بەلام دەبی ئەوەش بلیم کەنارەزایەتی و پەلامارەکانی خەلکی کوردستان بەدژی گەندەلی لەهەمان کاتدا تەعبیرن لەوەی کە سیستەمی دەسەلات و بەریوەبردنیکی کۆمەلایەتی کەناسیونالیزمی کورد لەسەری راوەستاوە، نەك هەر لەگەل ژیانی شارستانی و هاوچەرخی خەلکی کوردستاندا نایەتەوە، بەلکو پیچەوانەیە بەتەوەقوعات وئازادیەکانی ئەوان. بەواتایەکیتر ئەم نارەزایەتی وداواکاریانەی خەلك ئاسۆ ونمونەیەکی تر لەسیستەمی دەسەلات و بەریوەبردنی کۆمەلایەتی پیشنیاردەکەن کەخۆی لەدامەزراندنی دەولەتیك ویاساودەستوریکی سکولارو جەماوری وسەربەخۆدا دەبینیتەوە. دەولەتیك کەتەجاوزی بنەرەتی دەسەلاتی میلیشیایی وباندخەلکی ئەحزابی ناسیونالیزمی کوردە.

**ئۆکتۆبەر: چارە چیە؟ خەڵکی عێراق و کوردستان دەبێ چی بکەن بۆ دەربازبوون لەم وەزعەو گەیشتن بە ژیانێکی ئارام‌و ئاسوودەو شایستەی ئینسان؟**

خەسرەو سایە: بەبروای من چارە بەدەست خەلك وبریاری ئەوانە، خەلك چ لەعیراق وچ لەکوردستان دەبی بریاری خۆیان بدەن ولەنیو حیزب ولایەن وهیزە سیاسیەکاندا هەلبژاردنی سیاسی خۆیان بکەن ولەدەوری ئەو هیز ولایەنە کۆببنەوە کە بەباشترین شیوە بەرنامەی ژیانیکی ئازاد ویەکسان وخۆشگوزەرانی ئەوانی بەدەستەوەگرتووە. ئەمرۆ بەدوای رووداوەکانی زیاتر لە15 سالی رابردوو، چ ئەمریکاو سیاسەتەکانی، چ رەوتە ناسیونالیستە کوردەو عەرەبیەکان چ ئیسلامی سیاسی وئەوانەی بەناوی دیموکراتی وهاوشیوەیانەوە قسەدەکەن، هەموویان ئیمتحانی خۆیان داوە و کارنامەی هەریەکەیان کەوتۆتە روو، بۆیەدەبی خەلکی عیراق وکوردستان لەنیو تەجروبە تالەکانی ئەم میژوودا لەوەهمی ناسیونالیزم وئیسلام وخۆشخەیالی بەسیاسەتەکانی ئەمریکا ببرێن و ریزی کۆمۆنیستەکان وئازادیخوازی هەلبژیرن. لەیەك وتەدا خەلکی عیراق دەبی لەدەوری ئالتەرناتیڤی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری، یانی کۆنگرەی ئازادی عیراق کۆببنەوە و بزوتنەوەی سیاسی جەماوەری وچەکداری خۆیان بەری بخەن. لەکوردستانیش ئەوە حیزبی ئیمەیە کە ئالابەدەستی ئازادی وسەربەخۆیی و دامەزراندنی دەولەتیکی سکولار وجەماوەری خەلکە وسالانیکە بۆخواستە ئینسانیەکان و بۆ ئازادی ویەکسانی لەبەرامبەر ناسیونالیزم وکۆنەپەرستی لەمەیداندا راوەستاوە، کەوایە دەبی خەلکی ئەم حیزبەو ئەم سەنگەرە بەدەستەوە بگرن، تا داهاتوویەکی دلخوازی خۆیان بەدی بهینن.